# گەلی رۆژی

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٨١) یەکشەممە ٢٠٠٧/٦/٣


لەم ژمارەیەدا

ئاسایش لە دەست ئەمریکادا نەبوو، تا رادەستی بکاتەوە! ل٣

فەتح ئیسلامیش هەر قاعیدەیە ل٥

جەژنی جیهانی منداڵان و منداڵانی ئێمە ل٦

## ئایار گەورەترین زیان بە سەربازانی ئەمریکا دەگەیەنێ

کۆتایی مانگی ئایار سوپای ئەمریکا بە فەرمی رایگەیاند کە ئایاری ٢٠٠٧ ناخۆشترین و پڕکارەسات ترین مانگی ئەمریکەکان بووە، لەو مانگەدا ١٢٠ سەربازی ئەمریکی لە عێراق بە گوللەی نەیاران گیانیان لەدەست داوە.

پێشتر ئاشکرا کرابوو کە ١٠٤ سەربازی ئەمریکی لە مانگی نیسان گیانیان لەدەست دابوو، ئەوەشیان بە کارەسات ناوبردبوو، بەڵام لە مانگی ئایار ژمارەی کوژراوان بەرزتر بۆتەوە، بەو هۆیەوە ژەنەراڵ بێری ویگینز جێگری بەڕێوەبەری چالاکیەکانی هەرێمی لە دەستەی هاوبەشی ئەرکانی سوپای ئەمریکا بە رۆژنامەوانانی راگەیاندووە کە پێش هەموو شتێک دەڵێم" ئەو مانگە زۆر سەخت بوو، دەبوایە لە شوێنگەلێک سەباز بڵاو بکەینەوە کە پێشتر بە پێویست نە دەزانرا.

هەر لەو پێوەندیەدا ژەنەراڵ دێڤید پاتریۆس فەرماندەی هێزی فرەڕەگەزی لە عێراق هیوای خواستووە کە هێزی تازەنەفەس دەرفەتێکی باش بۆ حکومەتی مالکی برەخسێنێ تا بە زووترین کات ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بە ئاکام بگەیەنێ، بەوهۆیەشەوە ئاشتی و ئاسایش بۆ عێراق بگەڕێتەوە، وڵاتەکە لە کارەساتێکی چاوەڕوانکراو دەربازی ببێ.

# تورکیا داخوازی گفتوگۆ لەگەڵ کورد رەت دەکاتەوەو ئۆپەراسیۆن بە چارەسەر دەزانێ

رۆژی پێنج شەممەی رابردوو وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ئەو داوایەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی سەبارەت بە دانوستاندن رەتکردەوە.

بەیاننامەکە وا بڵاو دەکاتەوە کە لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا هەردوو پارتە دەستەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی هەرێم پێشنیاری دانوستاندنی راستەوخۆیان لە تورکیا کردبوو،بەڵام داواکە رەت کراوەتەوەو دەستەڵاتدارانی تورکیا نیازیان نیە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم دانوستاندن بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە سەر فەرماندەی هێزەکای تورکیا لە سیمینارێکی شاری ئەنکارا کە سەبارەت بە ئاسایش بەڕێوەچوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بەوە تۆمەتبار کرد کە بە پارە هاوکاری پەکەکە دەکات، بە بڕوای ئەو فەرماندەیە ئەوەی هاوکاری تیرۆریست بکات، بۆ خۆی تیرۆرسیتە، بەڵام تاوەکو ئێستا وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم وەڵامی ئەو تۆمەتەی نەداوەتەوە.

هەر لەو پێوەندیەدا یاشار بیوک سەرفەرماندەی سوپای تورک جەختی لەسەر ئۆپەراسیۆن بۆ هەرێمی کوردستان کردۆتەوەو گوتوویەتی: من داوا لەکەس ناکەم، چونکە دەبێ سیاسیەکان بۆ خۆیان بیر بکەنەوەو بڕیار بدەن، کاتێ بڕیاریشیان دا، ئێمە فەرمانەکە جێبەجێ دەکەین.

ئەم لێدوانانەی سەرفەرماندەی لەشکری تورک لە کاتێکدا دێ کە هاوپەیمانان بە فەرمی دۆسیەی ئاسایشی شارەکانی هەرێمی کوردستانیان رادەستی حکومەتی هەرێم کردۆتەوە.

## جۆرج بووش راسپاردەکانی بەیکەر-هاملتن جێبەجێ دەکات



رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە ژمارەی رۆژی هەینی رێکەوتی ١-٦-٢٠٠٧دا بڵاوی کردۆتەوە کە ئێستا سەرکۆماری ئەمریکا بە کردەوە راسپاردەکانی بەیکەر – هاملتن جێبەجێ دەکات.

**دێڤید ئیگناتیۆس** لە بابەتێکدا کە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوی کردۆتەوە، نووسیەتی" بووش و هاوکارانی تا چەند هەفتەیەک لێکۆڵینەوە لە رەوشی عێراق دەکەن، ئەمەش دوای ئەوەی ناردنی هێزی زیاتر لە کۆتایی هاویندا تەواو دەبێ و هەوڵی جێبەجێکردنی بڕگەکانی دیکەی راسپاردەکە دەدرێ.

نووسەر جەخت دەکاتەوە ئەو راسپاردانەی کە کاتی خۆی رەخنەی زۆری لێگیرا و بەڵێنی پشتگوێخستنی درا، ئێستا بەکردەوە جێبەجێ دەکرێ، ئەمەش بنەمای کاری هاوبەشی نێوان هەردوو پارتەکەی ئەمریکایە.

نووسەر لەو باوەڕەدایە کە پێڕۆکردنی راپۆرتەکەی بەیکەر-هاملتن لەبەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێی عێراق دایە، چونکە ئەوانیش ناخوازن دەست بەجێ هێزەکانی ئەمریکا عێراق جێبهێڵن.

لەلایەکی دیکەوە هێنری کیسەنجەر وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژنامەی لۆس ئەنگلس تایمزدا نووسیەتی لە ماوەیەکی کورتدا عێراق پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی گشتگیر هەیە تا بەڕێوەبردنی شەڕبۆ سەرکۆماری داهاتوو ئاسان بکرێ.

جێگەی ئاماژەیە کاتی خۆی کوردستانیان دژی ئەو راپۆرتە هەڵوێستیان وەرگرت، بەڵام ئێستا بە خشکەیی جێبەجێ دەکرێ، کەچی تائێستا شەقامی کوردستان بێدەنگی هەڵبژاردووە!

## عێراق ترسناکترین وڵاتی جیهانە

گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر رەوشی ئاسایشی وڵاتان بڵاوکردۆتەوە، بەوگوێرەی لێکۆڵینەوەکە عێراق بەترسناکترین وڵات پلەی یەکەمی وەرگرتووە، هەروەها نەرویج بە ئارامترین وڵاتی جیهان پلەی یەکەمی وەرگرتووە.

لێکۆڵینەوەکە شرۆڤەی رەوشی ئاسایشی ١٢١ وڵاتی جیهانی کردووە، رەوشی ئاسایش و بودجەی سەربازی لێکداوەتەوە، لە ئاکامدا بەهۆی توندو تیژیەکان و ژمارەی کوژراوان و نالەباری رەوشی ژیان دەرکەوتووە کە عێراق ترسناکترین وڵاتی جیهانەو ئەگەری بەرەو پێشەوەچوون و باشبوونیشی زۆرسەخت و دژوارە، لەدوای عێراق هەریەکە لە ئەفگانستان و ئیسرائیل دێن، هەروەها جەزائیر و زیمبابۆی لە وڵاتە خراپەکانن، لەبەرانبەردا نەرویج ئارامترین وڵاتی جیهانە، لەدوای ئەویشەوە نیوزلەندا، دانمارک، ئیرلەندا، ژاپۆن فینلاند و سوید دێن.

لە ریزبەندی لێکۆڵینەوەکەدا ئەمریکا پلەی ٩٦ و روسیا پلەی ١١٨ی وەرگرتووە، بەو هۆیەوە ئەوانیش لە وڵاتە باشەکان نین.

لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە هەرچەندە ئەمریکا بانگەشەی دیموکراسی دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی خۆی پلەی ٩٦ی وەرگرتووە، ئیدی نەیتوانیووە عێراق بەدیموکراسی بکات و رەوشی ئاسایش بۆ عێراق بگێڕێتەوە.

## ئەمریکا بنکەی هەمیشەیی لە کوردستان دادەمەزرێنێ

**هەواڵەکان**: دوای ئەوەی دۆسیەی ئاسایشی شارەکانی هەرێمی کوردستان رادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە هەندێ لە سەرچاوەکانی هەواڵ وایان بڵاوکردووە کە ئەمریکا دەیەوێ بنکەی هەمیشەیی لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا بکاتەوە.

ئەم دەنگۆیە هاوکات بوو لەگەڵ لێدوانی وەزیری بەرگری ئەمریکی کە ئاماژەی بە مانەوەی درێژخایەنی ئەمریکیەکان لە عێراقدا دابوو.

راستیەکەی لەوەتەی ناکۆکی لەسەر شەڕی عێراق لە نێوان هەردوو پارتی کۆماریخواز و دیموکراتیخوازی ئەمریکا سەری هەڵدوە، دیموکراتەکان باس لە کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق دەکەن و جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە کە دەبێ هێزەکانیان لە شارەکانی عێراقی بکێشنەوەو لە هەرێمی کوردستاندا جێگیریان بکەن، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار بە رۆژی گەلی راگەیاند کە تا ئێستا بەرپرسانی ئەمریکا ئەم مەسەلەیەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان باس نەکردووە، بۆیە ئەگەری جێگیربوونی هێزەکانی ئەمریکا لە باشووری کوردستان لاوازەو دەبێتە مایەی نیگەرانی وڵاتانی دراوسێ، ئەمەش لەبەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دانیە.

هەر لەم بارەیەوە فەلاح مستەفا بەرپرسی ئۆفیسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم بە ماڵپەڕی کوردستان ئۆنلاینی راگەیاندووە کە بە کردەوە هیچ شتێکی ئەوتۆ لە ئارادانیە.

چاودێران پێیانوایە کە ئێستا جێگیرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان کردەیی نیە، چونکە ئەوان بە پلانی ئاسایشی شاری بەغدادەوە خەریکن و کاتی ئەوەیان نیە.




## ٣ منالی عێراقی بە گوللەی ئەمریکیەکان دەکوژرێن

**رۆیتەرز** لە زاری سەرچاوەکاندا بڵاوی کردۆتەوە کە رۆژی هەینی رابردوو سێ منداڵی عێراقی بە گوللەی هێزەکانی ئەمریکا لە فەلوجە گیانیان لەدەست داوە.

رۆیتەرز لە زاری هێزەکانی ئەمریکاوە رادەگەیەنێ کە کاتێک تانکێکی ئەمریکا تەقە لە چەند تیرۆریستێک دەکات کە دەیانەوێ لە رۆخی رێگەی گشتیدا بۆمبێک بچێنن سێ منداڵی عێراقی کە تەمەنیان ٧ و ٩ و ١١ ساڵی بووە پێکراون و گیانیان لەدەست داوە.

هێزەکانی ئەمریکا رۆشن نەبوونی رەوشی هەوا بە هۆکاری کوژرانی ئەو سێ منداڵە لێکدەدەنەوە، بەڵام دانیشتووانی ناوچەکە کەمتەرخەمی ئەمریکیەکان بە هۆکاری سەرەکی کوشتن و بریندارکردنی خەڵکی سڤیل دادەنێن و دەخوازن کە هەرچی زووترە گوشارێکی هەمەلایەنە دەکار بکرێ و رێگە نەدرێ کارەساتی لەو بابەتە دووپات ببێتەوە، چونکە تا ئێستا بە هەزاران کەس بەو شێوەیە کوژراون و زیانیان پێکەوتووە.

## سلێمانی: تورکەکان لە کاتی سیخوڕیکردن لە داو دەکەون

دوێنێ ٢-٦-٢٠٠٧ سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا رایانگەیاند کە هێزەکانی ئاسایشی شاری سلێمانی ئاستەنگیان بۆ تیمێکی تورک دروست کردووە و سووکایەتیان پێکردوون، بەڵام دواتری راستی رووداوەکە ئاشکرا بووە و دەرکەوتووە کە نیوەڕۆی دوێنێ چەند ئەفسەرێکی تورک بە جلی سڤیل لە کاتێکدا خەریکی وێنەگرتنی ماڵی بەرپرسان و باڵاخانەکانی حکومی دەبن لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە گەمارۆ دەدرێن و داوای ناسنامەیان لێدەکرێ، بەڵام ئەوان ئامادە نابن خۆیان بناسێنن، بەم شێوەیە گرفت دروست دەبێ، هەروەها لە ناو سەیارەکەیاندا دەمانچەیەکی بێدەنگ و دووربینێک و ئامێرێکی بێ سیم دەدۆزێتەوە، دواتر لە رێگەی وەرگێڕەوە دەردەکەوێ کە ئەوانە تیپێکی سیخوڕی تورکن و وێنەی چەند شوێنی گرنگی شارەکەیان گرتووە، بەڵام ئازاد کراون.

لەم بارەیەوە **بەهرۆز گەلاڵی** نوێنەری یەکێتی نیشتمانی لە ئەنکارا بە میدیاکانی تورکیای راگەیاندووە کە ئاسایش ئەوانی نەناسیووە، دواتر کە زانراوە سەر بە تورکیان، ئازاد کراون و بەڕێزەوە بەرێکراون.

## رۆژەڤ

لەوەتەی یەکی حوزەیران بە رۆژی جیهانی منداڵ ناسراوە، ساڵانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئاهەنگ و شایی دەگێڕدرێ، بەمەبەستی وەدەستهێنانی ژیانێکی باش و جیهانێکی باشتر بۆ منداڵان لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی ئەنجام دەدرێن و رێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەو گرفتەکانی منداڵان پێشنیار دەکرێ، بەڵام لەبەر ئاوارتەیی رەوشی وڵاتی ئێمە ئەم جەژنەش وەکو جەژنەکانی دیکەی ژنان و کرێکاران و مامۆستایان کەم رەنگ کرا.

ئەمساڵیش وەکو ساڵانی رابردوو منداڵانی کوردستان چێژیان لە جەژنەکەیان وەرنەگرت، زۆربەی منداڵان نەک هەر ئاگایان لەو رۆژە نەبوو، بەڵکو بۆ هاوکاریکردنی گەورەکانیان لە کارو چالاکی دابوون، هەندێک لەوان لەسەر شەقامە گشتیەکاندا بەپەرۆشەوە هەوڵی پەیداکردنی پاروی ژیانیان دەدا. هەندێکی دیکەشیان بە خەمبارییەوە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانی و ئیرەییان بە منداڵانی سەرمایەدارو بەرپرسەکان دەبرد، لە ناخەوە ئەو مەتەڵەیان بۆ هەڵنەدەهات کە بۆچی ئەمان برسی و ئەوانی دیکەش تێرو دارا و پۆشتەن!!

منداڵان نەک دیاری بەنرخی مرۆڤایەتی، هێز و توانای داهاتووی نیشتمانن، بەڵکو سەرکردەو بەرپرسانی داهاتووشن، چارەنووسی نەتەوەو نیشتمان بەو مرۆڤە بچووکانەوە گرێدراوە کە ئێستا بێناز کەوتوون و لە زۆر بوارێکەوە ستەمیان لێدەکرێ، لەو پێوەندیەدا ئەرکی حکومەتە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا کۆمەک و هاوکاریان بکات، بەرنامەی تایبەت بۆپەروەردەکردن، گۆشکردن و بارهێنانیان دابڕێژێ، خەمی پێگەیاندن و پێشخستنیانی لەبەر بێ و گشتگیرانە لە تێکڕای منداڵان بڕوانێ.

ئەگەر حکومەت پێداویستیەکانی منداڵان فەراهەم بکات، منداڵان خەمی برسێتی و نەبوونی و هەژاری و بێ خانوییان نەبێ، ئەگەر منداڵان بەتەنیا خۆیان بۆ خوێندن و زانست و بەدەستهێنانی زانیاری تەرخان بکەن، ئەگەر دایک و باوکان لە توانایان دا هەبێ ماڵێکی بێ ئاژاوەیان بۆ دروست بکەن، لە بواری دارایییەوە ژیانیان دابین بکەن، ئەگەر فێرگەکان بێ کێماسی بن و بەرنامەی خوێندنی هاوچەرخانە پێڕۆ بکەن، گومانی تێدا نیە کە نەوەی داهاتوو زاناتر و پێشکەوتووتر دەبن، باشتر بە نیشتمان رادەگەن، داهاتووش گەشتر دەبێ.

ژینگەی ئارام، باوەشی خێزانی ئاسوودەو بەختەوەر، فێرگەی بەرنامەداری گەشەکردو حکومەتی خزمەتگوزار لە توانایاندا هەیە بە باشترین شێوە مرۆڤ باربهێنن، بەوهۆیەشەوە کۆمەڵگە لە داهاتووی خۆی و نیشتمانەکەی دڵنیا دەبێ. بۆیە زۆر گرنگە کە خێزان و فێرگە و حکومەت هەموویان بۆ پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو هاریکاری یەکتر بکەن، بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن و پەرۆش و دڵسۆزانە بیر لەخەمی بارهێنان و پەروەردەکردن و گەورەکردنی منداڵان بکەنەوە.